# بڕیارنامەی کۆنگرەی

## ( مافەکانی ژنان لە نیوان پیوانە یونیڤرسالیەکان و کۆت وبەندە لۆکالیەکاندا)

نایەکسانی و هەڵاواردن لە دژی ژنان یەکێك لە دیاردە بەرجەستەکانی دنیای ئەمڕۆمانە، خەبات بۆ ڕزگار بوون لە دەست ئەم ستەم و نایەکسانییە چەند سەدەیە دەستی پیٚکردووە. ئەگەر چی هێشتا لە نێوان ئامانجە یەکسانیخوازییەکانی ژنان و واقعی ژیانیان، تەنانەت لە پێشکەوتوو ترین وولاتەکانیشدا، بۆشاییەکی گەورە هەیە. بەڵام تێکۆشانی بیٚپسانەوەی ژنان لە بەشێك لە دنیای ئەمڕۆمان توانیویەتی پێشکەوتنی بەرچاو بە قازانجی ژنان بەدەست بهێنێت. یەکسانی لە بەرامبەر یاسا و ڕێزگرتن لە ئازادییە فەردییەکانی ژنان و وەلانانی گرفتە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان لەبەردەم بەشداری ژنان لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان و چالاکی کۆمەڵایەتیدا بەشێك لەو دەستکەوتانەن کە بەدەست هاتوون. بەڵام گرنگتر لەمە ڕەهندی یونیڤێرسالی ئەم دەستکەوتانەیە.

ئەم چاکسازییانە لە بواری ماف و ئازادییەکانی ژنان ڕەهەندێکی جیهانی هەیە و وەکو بەهای یونیڤێرساڵی کەوتۆتە بەرامبەر کۆت و بەندە لۆکاڵییەکانەوە، ژنان لە بەشێکی گەورەی دنیای ئەمڕۆمان هێشتا گیرۆدەی نەریت و فەرهەنگ و یاسا و مامەڵەی چەند سەدە لەمەوپێشن. بیانوویەکی گەورە بۆ هێشتنەوەی ژنان وەك قوربانی ئەم فەرهەنگ و نەریت و یاسایانە ڕێزگرتن لە تایبەتمەندییە لۆکاڵییەکان و سەردانەواندن لەبەرامبەر پیرۆزڕاگرتنیانە. بیٚدەنگی لەبەرامبەر وەزعیەتی ژنان لە وولاتانی ئیسلامی بە تایبەت چاوپۆشییە لە دەوری سەرکوتگەرانەی ڕەوتە سیاسییە ئەنتی ژنەکان بە تایبەت ڕەوتی ئیسلامی سیاسی.بەشدارانی کۆنگرەی مافەکانی ژنان لە نێوان یۆنیڤێرسالیزم و کۆت وبەندە لۆکاڵییەکان تەئکید دەکەنەوە کە:

1. مافەکانی ژنان یونیڤێرساڵن و هەر چەشنە وەلانانێکیان بە قازانجی فەرهەنگ و داب و نەریتە لۆکاڵییەکان لە وولاتانی دواکەوتوو، سەردانەواندنە لەبەرامبەر یاسا و فەرهەنگی کۆنی دژی ژنان لەو وولاتانەدا. جووڵانەوەی ژنان لە وولاتانی پێشکەوتوو و جووڵانەوەی ئازادیخوازەکان ئەرکیانە پشتیوانی لە خەباتی ژنانی وولاتانی دواکەوتوو بکەن بۆ جێگیر کردنی ئەم پێوانە یونیڤێرسالانە. خەبات لە دژی ئیسلامی سیاسی بە تایبەت دەبێت جێگای پشتیوانی بیٚ دریغی ئازادیخوازان بێت.

2. ژنانی پەنابەر لە وولاتانی پیشکەوتوو دەبێت بەهرەمەند بن لەو دەستکەوتانەی کە بۆ ژنان بەدەست هاتوون. دەوڵەت و دام ودەزگا ڕەسمییەکان ئەرکیانە ریٚوشوێنی گونجاوو پێویست بۆ وەلانانی ڕێگرییە یاسایی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان لەم بواردا بگرنە بەر. هەر چەشنە ڕێزدانانێك بۆ فەرهەنگ ونەریتە کۆنەپەرستەکان لەبەرامبەر ژنان و منالاّن بە بیانووی ڕێزدانان بۆ جیاوازی فەرهەنگی و مالتیکاڵچەرالیزم و نیسبیەتی فەرهەنگی، هاودەستییە لەگەڵ ڕەوتە کۆنەپەرستەکان، بە تایبەتی ئیسلامی سیاسی و جێگای ڕەخنەیە ومەحکومە.

3. خەباتی ئازادیخوازانە لە پیناو جێگیر کردنی پێوانە یونیڤێرساڵەکاندا، نەك هەر تەنها هیچ شتێك لەگەڵ میلیتاریزم و دەخاڵەتی سەربازی غەرب و ئەمریکا بە تایبەت کۆی ناکاتەوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەکەوێتە بەرامبەر ئەو میلیتاریزمە. کۆنگرە بەم تێڕوانینەوە لە هەمان کاتدا کە تیرۆریزمی ئیسلامی و پەلاماری ئیسلامی سیاسی بۆ سەر مافەکانی ژنان لە عیراق مەحکوم دەکات، داگیرکردنی عیراق لە لایەن ئەمریکاوە کە زیاتر لە جاران دەستی ئیسلامی سیاسی بۆ سەرکوتی ژنان و ئازادیخوازان ئاوەڵاکردووە مەحکوم دەکات.

**بەشداربوانی کۆنگرە**

**18 مارس 2005**